15ی ئایاری 2024

## کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان

## راگەیێندراوی ئەپیکور لەبارەی سەردانی یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ سەرچاوەکانی وزە بۆ عێراق.

ئەپیکور پێشوازی لە سەردانەکەی باڵیۆز جێفری پایەت، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ سەرچاوەکانی وزە دەکات بۆ عێراق، وەك ئاماژەیەکی بەهێزی دیکە و پێویست بۆئەوەی سەرکردەکانی بەغدا و هەولێر دەستبکەن بە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان کە خۆیان پێشتر ئاماژەیان پێداوە و هەناردەی نەوت لە رێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا دەستپێبکاتەوە .

لەوە تێدەگەین سەردانەکەی باڵیۆز پایەت و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی عێراق محەممەد شیاع سوودانی و سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی، درێژکراوەی ئەو گفتوگۆیانەیە پێشتر لە واشنتن و کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن هەیانبووە.

لەکاتێکدا وەزارەتی نەوتی عێراق مۆڵەتیداوە بە دوو کێڵگەی نەوتی دیکە، ئەپیکور تێبینی ئەوەی کردووە توانای بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتی لە هەرێمی کوردستانەوە کەمکردووەتەوە، لەکاتێکدا دەتوانێت هاوکاری عێراق و وەزارەتی نەوت بێت بۆئەوەی بەزووترین کات بگات بە ئامانجەکانی لە بواری هەناردەی نەوت .
کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور جەختدەکەنەوە، ئامادەن بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت، ئەمەش لەگەڵ گەیشتن بە رێککەوتنێك کە تێیدا دڵنیایی بدرێت لەبارەی وەرگرتنی پارەی هەناردەی نەوت لە رابردوو و بۆ داهاتووش، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج و گرێبەستە ئابووری و بازرگانییەکانمان پارێزراو بن. بەمشێوەیە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت، سوودی بۆ هەموو هاوڵاتیانی عێراق و هاوبەشەکانیش دەبێت .

مایڵز کاگینز وتەبێژی ئەپیکور رایگەیاند: "سەردانەکەی باڵیۆز پایەت بۆ بەغدا و هەولێر، گرنگی دەستپێکردنەوەی دەستبەجێ و هەماهەنگی نێوان هەموو لایەنە پەیوەندار و هاوبەشەکان دەردەخات بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت لەرێگەی بۆری نەوتی عێراق - تورکیا. کۆمپانیا ئەندامەکانی ئەپیکور بەپەرۆشن بۆ چارەسەرکردنی ئەو دۆخە چەقبەستووەی لە دەستپێکردنەوەی هەناردەی نەوت دروستبووە و پێشوازی لە هەر بانگهێشتێکی فەرمی دەکەن بۆ بەشداربوو لە پرۆسەکە ".

-کۆتایی-

**دەربارەی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان:**

ئامانجی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان بۆ راکێشانی سەرنجی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکانی نەوت و گاز، وەبەرهێنەر و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە، تاوەکو هەرێمی کوردستان بکەنە شوێنی وەبەرهێنانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان ئامانجی داکۆکیکردن و نیشاندانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەندامەکانییەتی، پێکەوە وەک دەنگێکی کاریگەر و هاوبەش لەبەرامبەر هەموو خاوەن پشکەکان لە هەرێمی کوردستان و هەر شوێنێکی دیکە کاربکەن،

کۆڕبەند بۆ ئەندامەکان سازدەکەن لەپێناو ڕەخساندنی هەلێک بۆ نیشاندانی خۆیان و گەیاندنی زانیارییەکانیان لە بواری پیشەسازی. کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان کۆمپانیایەکی سنووردارە بەپێی یاسای ئینگلیز دامەزراوە.

بۆ زانیاری زیاتر سەردانی www.apikur.uk بکە

بۆ پرسیاری میدیایی:
مایلز کاگینز، گوتەبێژی کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان
myles.caggins@wordswarriors.com
media@apikur.uk
https://www.linkedin.com/company/apikur

واتسئاپ: +1-254-371-5704
کۆمەڵەی پیشەسازی نەوتی کوردستان لە سوشیاڵ میدیا ببینە:
تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس (X): @apikur_oil